# هێمن و تێڕوانینەکانی شالا دەباغی لە وتووێژێکدا

ئا: پەری  کە ریمی نیا

ئامـاژە: شـالا دەبـاغی شـاعیر و رەخنـەگر، دانیـشتوی ولاّتـی سـویدە. شـالا خـانم ماجێـستەری هەیـە و تێزەکـەش لـە سـەر شێعری (نالّەی جودایی) مامۆستا هێمن بووە.

_ سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ ئەنجام دانی ئەم وتووویـژە، وەك یەکـەم پرسـیار ئێـوە شـێعرەکانی مامۆسـتا هێـمن لـە بـاری بابەتییەوە بە چەند بەش دابەش دەکەن؟

و: سـوپاس بـۆ ئێـوەش، مامۆسـتا هـێمن وەکـوو شـاعیرێکی نەتـەوەیی کـورد، وەکـوو بابـەتی بتـەویّ باسـی شـێعرەکانی بکـەی(دیـارە زۆربـەی بابەتـەکان و هەڵبەسـتەکانی کـراون بـە گـۆرانی و سـرود) یـەکێك لـەو بابـەت هـەرە سـەرەکییانەی کـە لـە شێعری هێمن دا دەبینریّ، ولاّت، نیشتمان و خاکە کە لە سەرەتای گەنجییەوە کە دەست بە شێعر هۆنینەوە کردووە تا ساڵی 1986 کە کۆچی دوایی کردووە، گەڕانەوە بۆ نیشتمانو ولاّت  گرنگترین بابەتیّ بووە کـە لـە شـێعرەکانی بینـراوە، بـەلاّم ئـەوە بەو واتایە نییە کە هێمن لـە سـەر بابـەتی شـێعری نەهۆنیبێتـەوە. بـۆ وێنـە خۆشـەویستی، ئـەوین، جـوانی و جـوان پەرەسـتی، بابەت گەلێکیترن کە لە شێعری هێمندا بە زۆری باسی لێوە کراوە. هێمن شاعیرێکی خەڵکییە و لەگەڵ دەردو ناهومێدیەکانی خەڵکدا ژیاوە. دەزانی زۆر گرفتیتری کۆمەلاّیەتی و سیاسیش لـە شـێعرەکانیدا هـەن بـۆ وێنـە لـە سـەر جووتیـاران و چینی زەحمەتکێش کە ئازار و بیّ دەرەتانیان لە ناو شێعری هێمندا بە جوانی دەرکەوتووە بۆ نمونە:

من جووتیارم من جووتیارم            من لە گەڵ هەتاو هاوکارم

دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی زۆر سروشتی خەمەکانی چینی زەحمەتکێش و یا کێشەکانی ژنان باسی لێوە دەکا. هێمن ئەو شاعیرەیە کە هەندیّ کەس پێیان وایە لە باسەکانی لە سەر ژن بەس جوانی و سێکسە کە لە لای گرنگە، بەلاّم من کە لەم چەند ساڵەدا لە شێعرەکانی ورد بوومەتەوە، ژن لای هێمن بەس جوانی و یا سێکس نییە بەڵکوو ژن لای ئەو مرۆڤێکە کە ئەو پێیوایـە دەبـیّ وەکـوو پیـاو بەرابـەر بێـت. لـە تێکـڕای شـێعرەکانیشیەوە هـەولّ دەدا لـە نیگـای داب و نەریتییـەوە سـەیری ژن نەکات.ئەم جۆرە نیگایە لای شاعیران بە کەمی دەبینریّ. بۆ وێنە لە فرمێسکی رنۆدا:

تۆ وتت من عاشقی سەودا سەرو دینم دەویّ

من وتم تاکوو بە ئاواتت بگەی  دینم دەویّ

لە ناوەڕاستی ئەم شێعرانەدا هاتووە:

من تەشی رێسێکی وەکوو شیرینی وەفاییم بۆ چییە

کیژی ئازای چاو کراوەی فێرە زانینم دەویّ

لە کۆتایشدا هاتووە:

کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن  رەشبەڵەك

کەواتـە هـێمن یەکسانی و هاوشانی ژن و پیـاوی دەویّ. کـە واتـە بابـەت لـە شـێعری هـێمندا زۆرە: عەشـق، خۆشـەویستی، بەرابەری ژن و پیاو، ئارەزووی ولاّتێکی دەوڵەمەند، سەروەری خاکی کورد.

هێمن لەو شاعیرانە بوو کە زۆر زوو باسی سەروەری کورد دەکات و ئەم بابەتە لای هێمن زۆر بنەڕەتی و گرنگە کە تاریک و روون، ناڵەی جودایی، بارگەی یاران و... وەیان لە پەخشانەکانیدا وەکوو مهاباد کە لە شەقامێکدا دایکو منداڵێک دەڕۆن کە دایکەکە بانگ لە منداڵەکەی دەکات: مهاباد و ئەم نێوەی مهاباد هەستی هێمن دەوروژێنێ. کەواتە هێمن لە گەڵ شاعیرانی-تری کورد لە باس کردن لە خاکو نیشتمان خاڵی هاوبەشی هەیە. بەڵام ئەم سەروەرییە، خاکی نیشتمان، گەڕانەوە بۆ وڵات و یەک بوون لە شێعری هێمندا وەکوو خەتێکی سوور وایە کە بە جوانی دیارە. رەنگە کەسیتریش بابەتیتری لە شێعرەکانی هێمندا ببینێت بەڵام بە گشتی دەتوانێ ئەمانە بێت.

جا ئەمە زۆر جوانە کە هێمن بۆ خۆی لە بنەماڵەی شێخەو لە باری چینایەتییەوە قسەدەکا. ئەگەر چاوی لێ بکەین بۆ خۆی لە چینی ئەریستۆکراتی کۆمەڵەیە بەڵام زۆر جار لە شێعرەکانیدا دژی ئاغا، شێخ و دەرەبەگ رادەوەستێ.

پ: لە لای شاعیرانێکی وەکوو قانیع، فایەق بێکەسیش ئەو تێڕوانینە چینایەتییە دەبینرێ هەروەکوو خۆشتان ئاماژەتان پێ کرد هێمن بۆ خۆی کوڕە شێخ بوو. ئێوە وەک کەسێک کە چەند ساڵێک بە رۆح لە گەڵ هێمندا دەژین ئەم تێڕوانینە بۆچی دەگێڕنەوە؟

و: هێمن کەسێک بووە کە بە شێوەیەکی خسووسی وانەی پێ وتراوە لە مهاباد، بەڵام بۆ خۆم زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە کە هێمن چۆن ئاوا سەمپاتی بەرەو ئەوە بووە. هەرچەند ئەو کارەی کە من لە سەر هێمن کردوومە پشکنینی بیۆگرافی هێمن نەبووە، بەڵام روانگەیەکی چەپ بەو مانایەیش نا کە ئەو کۆمۆنیست بووە بەڵکوو بەو مانا کە بەردەوام خۆ لە ئۆپۆزیسیۆندا بینیوەتەوە. هەمیشە خواستی بەختەوەری مرۆڤەکان و ئازاد کردنی کورد لە ژێردەستی زوڵم و زۆردا بووەو بە گەنجیش تێکەڵی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی ژ. ک و هاوڕێیەتی قازی محەمەد بووە. کە واتە هێمن زۆر زوو تێکەڵی سیاسەت بووە. هەموو ئەمانە دەتوانێ فاکتۆرگەلێک بێت بۆ ئەوەی کە باسی تێڕوانینی ئەوبکا هەر چەند ئەگەر کەسێک بیەوێت چاو لە بیۆگرافی و یا رەچەڵەک ناسی شاعیر بکات ئەو فاکتۆرگەلی دەوروبەر، بنەماڵە، کۆمەڵگا و بەسەرهاتەکان، شتەکان جوانتر روون دەکاتەوە. مەرگی قازی محەمەد تۆ دەبینی زۆر بە جوانی لە شێعری هێمندا رەنگی داوەتەوە بەڵام ئەوەی کە بتوانرێ دەست لە سەر یەک فاکتۆر دا بنرێ بۆ ئەوە ئەو وڵامە بدرێتەوە، شتێکی وا نەکراوە.

بەڵام بە گشتی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان، رووداوەکانی سەردەم، لە سێدارەدانی قازی و پێک هاتن و شکانی کۆمار، ئاوارەیی و پەریوەیی، دووری لە نیشتمان و خاک توانییوەتی کاریگەری لە سەر شێعری هێمن هەبێت. کەواتە هێمن لایەنگری کۆمەڵگا بووە و نەیویستووە کۆمەڵگەی هەژاری هەبێت. هەر ئەمانەیش وای کردووە کە هێمن لە ناو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بێت.

پ: لە شێعرەکانی هێمن دا بەستراوەیی هێمن بە ئەدەبییاتی موتەعەهید دەبینرێ ئەو هەر بە پێی وتەکانی خۆتان لە سەرەتاوە چووەتە ناو جەرگەی سیاسەتەوە، دەتوانین بڵێین خەبات چ کاریگەرییەکی لە سەر شێعری شاعیری ناڵەی جودایی هەبووە؟

و: هەرە وەک باسمان کرد هێمن هەر لە گەنجیدا دەچێتە ناو سیاسەت و کومەڵەی ژ.ک ەوە و پاشان کۆمار دروست دەبێ و شکست دێنێ( هەرچەندە شکستم پێ دروست نییە بەڵکوو کۆمار حکوومەتی ناوەندی دەستی بەسەردا دەگرێت) و پاشان رووداوی تر لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستاندا روو دەدا. هێمن خۆی پەریوە و ئاوارە دەبێت هەرچەند تێکڕای کوردستان خاکی ئەوە. هەر بۆیە ئەمانە کاریگەری لە سەر شێعری شاعێر دادەنێ، شاعیر لە هەموو شتێکی دەوروبەر کاریگەری وەردەگرێت و ناراستەوخۆ لە ناو شێعرەکاندا جێی خۆی دەکاتەوە. ئەو خەباتەی کە گەلی کورد لەم 70_80 ساڵەدا هەیبووە و هێمنیش کە سالی 1300 لە دایك بووە و تەمەنی هەندێ لە بیست تێ دەپەڕی. واتە هێمن زۆر بە جوانی وەکوو

زۆربەی خەڵکی کورد تووشی کاری سیاسی بووە و هەرلەوکارە سیاسیەیش‌دا نزیکترین کەسەکانی دەورووبەری لە سێدارە دەدرێن و شەهید دەکرێن. ئەو میللەتە بەر بۆمباران دەکەوێت، جینۆساید دەکرێت و تێکڕای ئەمانە هەستی ناسکی هێمن دەورووژێنن و کاریگەری راستەوخۆی خۆیان بە جێ دەهێڵن. چ وەکوو کەسێك کە ئەندامی  حیزبێك بووبێت ویا وەکوو لەو حیزبەش نەبووبێت وەکوو شاعیرێکی  نەتەوەیی و چ وەکوو ئەو خەباتەی کە ئەو لە بۆ خۆی ئەنجامی دەدات. پێوەندی ئەو لەگەڵ حیزبێکی تایبەت‌دا تووشی تەنگەبەری نیگای کردووە ئەو تێکڕای کێشەکانی گەلی کوردی بە هی خۆی زانییوە. کاتی قەتڵ و عامەکەی شاری سنە رووداو و کوشتن لە سنە دەست پێ دەکات هێمن لە شێعری فرمێسکی رنوودا باسی دەکات و دەڵێت:

سەردەشت و سابلاغ و سنەی کرد غەرقی خوێن

سێی‌تری ویست و وتی بۆ سفرە هەفت سینم دەوێ

که واتە بەس مهاباد لای ئەو گرنگ نییە بەڵکوو کوشتنی خەڵك لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە بێ شپرزەی دەکات. بارزان، سنە و بادینان بۆ ئەو یەکەو هەر ئەوەیشە کە هێمن خۆشەویست دەکا لە باشووری کوردستان بە هەمان رادەی خۆشەویستی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو خەمی هەر چوار پارچەی کوردستانی خواردووە و بە خەمی خۆی زانییوەو ئەمانە لە فرمێسکی رنوو، ناڵەی جودایی‌و ئێوارەی پاییزدا بە جوانی دەردەکەوێت.

هێمن راستە کە خاکی نیشتمان لای پیرۆزە بەڵام وای لێناکات رەخنەی لێ نەگرێ‌و یا رەخنە لە دیاردەکانی نەگرێت. بۆیە ئەو خەباتەی کە هێمن و یا گەلی کورد پێیدا تێدەپەڕن پڕ لە ناتەبایی، دژایەتی، نەهامەتی. لە تێکستەکانی هێمن‌دا بەردەوام بانگەشەی یەکبوون‌و وەحدەت لە سەر خاکی نیشتمان، دایك و وڵات دەبینرێ. ناتەبایی لە شێعری هێمندا زۆرە بۆ نموونە لە شێعری ناڵەی جوادایی‌دا بەڵام ئەو ناتەباییە لە ئاکامدا بە وەحدەت‌و دیگەردیسی دەکات. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شێعری هێمن ئەوەیە کە لە ناهۆمێدییەوە دەست پێ‌دەکات. بۆ نموونە لە ناڵەی جودایی‌دا:

ساقیا وا بادەوە وا بادەوە

روو لە لای من کە بە جامی بادەوە

موشتەری وەك من لە مەیخانە کەمن

زۆربەیان شاد و بە کەیف و بێ خەمن

کە ئەو پەڕی ئەفسووس و جەخارو ناهۆمێدی تێیدا دەبینرێ بەڵام هەر ئەمە لە دەروونی خودی شاعیرا دەبێتە ئومێد و باڵندەگی‌و هەنگاوەکانی بەرەو تەکامول‌و گەشەو بەرەو پێشچوون بە خۆوە دەبینێت.

یەکێك لە شتە جوانەکانی شێعری هێمن ئەوەیە کە لە تەواوی شیعرەکانی‌دا سروشت‌و خاکی کورد وا تێکەڵی ئەو شێعرانە دەبێت کە هەست دەکرێت ئەو سروشتە چۆن دەسووتی یا بومبارانی شیمایی دەکرێ لە شێعرەکاندا جێی بۆخۆی چێ کردووە.

پ: خاتوو شالا هێمن چ کاریگەرییەکی لە سەر شێعری دوای خۆی هەبووە؟

و: من پێم وایە هێمن کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر زمانی کوردی هەبووە. زمانی کوردی مەدیوونی زۆر کەسانە کە رایانگرتووە لە تێکستێکی ئەدەبی‌دا کە دەتوانێت یەکێك لەو کەسانە مامۆستا هێمن بێت. هێمن هەوڵی داوە زمانێکی

ستاندارد له شێعرەکانیدا پێك بێنێت و هەر ئەو دەوڵەمەندی وشە دەتوانێت کاریگەری لە سەر شاعیرانیتر هەبێت و ئەو بەحری وشە کەڵکی زۆری بۆ شاعیرانی پاش خۆی بووە.

بەشێکیتر ئەوەیە کە هێمن دەتوانێت وەکوو هەستی نەتەوایەتیو سەروەری نیشتمان لە تێکستەکانیدا وەك چۆن زۆربەیان بوونەتە گۆرانی و سرود کە ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوانی تێکستەکانی هێمنو کاریگەری قووڵیشیان لە سەر خەڵك بە جێ هێشتووە. تایبەتمەندییەکیتری شێعری هێمن، سادەیی تێکستەکانە کە وەکوو ئاوێکە کە دەڕواتو پێشی ناگیردرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا کە سادەیە زۆریش قووڵەو هەر لەبەر ئەوە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لە سەر زۆربەی مرۆڤەکانز من لەم ماوەی چەند ساڵەدا زۆر کەم کەسم دیوە کە ئەگەر ئەو شێعرە کلاسیکانەی هێمنیشی بە دڵ نەبووبێتو پێیان وابووبێ کە هی سەردەمێکی تێپەڕکراوە لە باری شێوازی شێعرییەوە بەڵام هیچیان ناتوانن نکوڵی لە کاریگەری شێعری هێمن لە سەر زمانی کوردی و هەستی نەتەوایەتی بکەن.

هەستی نەتەوایەتی هێمن وقانیع و شاعیرانیتر ئەوەندە عەمیقە کە زۆربەی شاعیران و ناسیۆنالیزمی کورد قەرزارباری ئەم شاعیرانەن. ئەگەر لە سەردەمێکدا ئەحزابی سیاسی چالاکییان نەبووە، ئەو تێکستانە نەی هێشتووە جێیان خاڵی بێت و ڕۆحی نەتەوایەتییان هەر ڕاگرتووە. ئێمە ناتوانین باس لە ناسیۆنالیزمی کورجی بکەین گەر باس لەم شێعرانەی هێمن نەکەین.

بۆ نمونە لەم شێعرەدا دەڵێت:

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەتو دەردم ئەمن**

**قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**

گەرچی گەر بێتوو بمانەوێت لە ئانالیزێکی شێعریدا باسی ئەو وشەی (مەردم ئەمن) بکەین، باسێکی لە سەر ساز دەبێت. بەڵام دەبێت چاومان لەوە بێت کە ئەو سەردەمەی کە هێمن ئەو شێعرانەی گوتووە، باسێك لە فێمێنیزم لە ئارادا نەبووە, باسی ڕاگرتن و زوڵم لە گەلێك بووە کە خەریکە جینۆساید دەکرێت، دەکوژرێتو دەبوایە ئەو ڕۆحی نەتەوایەتییە ڕابگیردرێت. پاش تێپەر بوونی 60_ 70 ساڵ بە سە تێکستی هێمندا ئەو ڕۆحی نەتەوایەتییە هەر دەشەکێتەوە.

ئێستا دەگەڕێمەوە سەر مەزموونی شێعرەکانی هێمن کە لەسەرەتادا باسمان لێوە کرد. هێ شێعرێکی لە ساڵی 1324 لە مهاباد وتووە کە پاش 60 ساڵ بەس دەتوانین دەست خۆشانەی پێ بڵێین لە بەر جوانی ئەو شێعرە. لە یادگاری شیریندا دەڵێت:

**چاوەکەم چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە**

**گیانەکەم برژانگی تیژت نووکەڕەمبی دوژمنە**

جا لەم شێعرەدا باس لەوە دەکات کە ژن تا زەمانێکی ژێر دەستە بێت کورد ڕزگاری نابێت. ئەمە بۆ 60 ساڵ لەمە پێش لە باسی بەرابەری ژن و پیاو دەکات و ئەو شتانەی کە ئێستا پێی دەگەین ئەو باسی دەکات زۆر شاز و گرنگە. تەنانەت لەو سەردەمەدا لە ئەورووپاش بەم شێوە ئەو باسانە نەکراوە:

**ڕاپەڕە هەستە لە خەو ئاخر چ وەختی خەوتنە**

**دەرکە بشکێنە پەچە بدڕێنە**

**کاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە**

من پێم وایە کە هێمن کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ڕۆشنگەری کورددا هەبووە. هەر بە پێی چەمکی واقیعی ڕۆشنگەری کە لە مۆدێڕنەیشدا باس دەکرێت ئەو مرۆڤە ڕۆشنگەری دەکات و باس لە پێشکەوتنی خەڵکانی دیکە دەکات و باس لەوە دەکات کە ژنی وڵاتانی دیکە دەچن بۆ گۆی زەوی بەڵام ژنانی ئێمە سەرپۆشیان بە سەرەوەیەو پێی وایە تا ژن بن دەست بێت گەل ڕزگار نابێت. گەورەیی هێمن لە زۆر شت دایە لە سەروەری کوردو تێڕوانینی بۆ سەر ژن من لەم بارەوە خوێندنەوەیەکی

ناسیۆنالیستی فێمێنیستیم لە سەر ئەم چەمکە بووە و قەرارە ئەو خوێندنەوەیە کە لە وتارێکدا جێی خۆی کردۆتەوە لە گۆڤاری (ئێمە) کە هی کوردەکانی رۆژهەلأتە و قەرارە لە سلێمانی دەربچێ، بلأو دەبێتەوە. لەو وتارەدا من باسی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت نەتەوە دەکەم کە ئەو پرۆژەی دەوڵەت نەتەوە دەبێت ئەوە قەبووڵ بکات کە ژنی کورد بەشێکە لەو پرۆژەیە و ژنی کورد کاریگەری راستەوخۆی لە سەر ئەو پرۆژەیە هەیە و بێ ژنی کورد ناتوانێ باس لە رزگاریو ناسیۆنالیزمی کورد بکەیت. ئەگەر لە ولأتیتر شتی وا کراوە کارمان نییە بەلأم لە لای ئێمە دەبێت ئەو دوو چەمکە حەتمەن پێکەوە باس بکەین. جا بۆیە هێمن کە لەو سەردەمەدا هیچ زانیارییەکی لە سەر فێمێنیزم نەبووە. لە شێعری یادگاری شیریندا ئاوا باس لە ژن دەکات کە دەڵێت: ئەمن کۆمەڵەیەکم دەوێت کە ژن تێیدا ئازاد بێت و کورد بە بێ ئازادی ژن ناتوانێت هیچ بکات جا بۆیە کاریگەری شیعرەکانی هێمن لە سەر شاعیران و ئەدەبییای دوای خۆی فراوانە و هەستی نەتەوایەتی زۆر زۆر قووڵە تێیدا.

پ: خاتوو شالا دەباغی سووپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووویژەدا.

و: منیش سوپاسی ئێوە دەکەم و هیوام سەرکەوتنتانە.